# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی ڕەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٤٩)ساڵی نۆزدەم ٧/ نیسان /٢٠٢٠/ زاینیی ١٨/ نەورۆز/ ٢٧٢٠ /کوردی ١٤/ شعبان / ١٤٤١ کۆچی

**249**


لەم ژمارەیەدا:


**پەیڕەوی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٠ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** لا ١

پەیـڕەوی جێبەجێکردنـی یاسـای چاکسـازی لە مـووچە و دەرمـاڵە و بەخشـین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠

**بەیانی ژمارە(١٣ - ١٤ - ١٥ - ١٦ - ١٧ - ١٨ - ١٩ - ٢٠ - ٢١ - ٢٢ - ٢٣ - ٢٤ - ٢٥)ی ساڵی ٢٠٢٠** لا ١٤

**وەزارەتی ناوخۆ**

تایبەت بە ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی (کورۆنا)

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Publishing by Ministry of Justic

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٤٩) السنة التاسع عشر ٧/ نيسان / ٢٠٢٠ ميلادي ١٨ / نەوروز / ٢٧٢٠/كوردي ١٤ / شعبان /١٤٤١ هجري

# 249

في هذا العدد

فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط

نظام رقم (٤) لسنة ٢٠٢٠ رئاسة مجلس الوزراء ص ١

بيان رقم (١٣ - ١٤ - ١٥ - ١٦ - ١٧ - ١٨ - ١٩ - ٢٠ - ٢١ - ٢٢ - ٢٣ - ٢٤ - ٢٥) لسنة ٢٠٢٠ وزارة الداخلية ص١٤

No. 249 Date: April , 7 , 2020 Vol.: 19

العنوان: اربيل - تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل ٢٢٤ ٥٥١٤ - ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٢٦٤ ٨٩٨٩ - ٢٢٤ ٥٥٠٨

**هەرێمی کوردستان – عێراق**
**ئەنجومەنی وەزیران**

پشتبەست بە حوکمی ماددەی (١٧) لە یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠، و بڕگەی (٣) لە ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو، ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (٢٤) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٤/١، ئەم پەیڕەوەی دەرکرد:

## پەیڕەوی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٠
## پەیڕەوی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠

### بەشی یەکەم
### پێناسەکان

**ماددەی (١):**

ئەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن بۆ مەبەستەکانی ئەم پەیڕەوە:

**یەکەم: هەرێم**: هەرێمی کوردستان - عێراق.

**دووەم: ئەنجومەنی وەزیران**: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

**سێیەم: یاسای چاکسازی**: یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێم.

**چوارەم: لیژنەی باڵا**: لیژنەی پێکهاتوو بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی.

**پێنجەم: لیژنەی وەزارەت**: لیژنەی پێکهاتوو بە فەرمانی وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت لەسەر ئاستی وەزارەت یان لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی.

**شەشەم: لیژنەی لاوەکی**: لیژنەی پێکهاتوو بە فەرمانی وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەت یان لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی.

**ماددەی (٢):**

**یەکەم:** لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران پێکهێنراوە بە سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامێتی هەریەك لە:

١- جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

٢- وەزیری دارایی و ئابووری.

٣- وەزیری ناوخۆ.

٤- وەزیری پلاندانان.

٥- وەزیری پێشمەرگە.

٦- وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

٧- وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.

٨- سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران.

٩- سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران.

**دووەم:** سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە ، بەپێی پێویست ، ئەندامی دیکە بۆ لیژنەی باڵا زیاد بکات.

**سێیەم:** فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ، سکرتاریەتی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی بەڕێوە دەبات ، و ئەرکی بەدواداچوون و هەماهەنگی لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان لە ئەستۆ دەگرێت بۆ مەبەستی ئامانجەکانی یاسای چاکسازی .

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** لیژنەی وەزارەت لەسەر ئاستی هەر وەزارەتێك یان لایەنێکی نەبەستراو بە وەزارەت پێکدەهێندرێت بە مەبەستی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی بە سەرۆکایەتی وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت ، و ئەرکی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی لیژنەی باڵا و سەرپەرشتی و چاودێریکردنی لیژنە لاوەکییەکانی سەر بە وەزارەت یان لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت دەگرێتە ئەستۆ و بۆی هەیە ڕاسپاردەکانیان پەسەند بکات.

**دووەم:** لیژنەی لاوەکی لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی وەزارەتەکان یان لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت پێکدەهێندرێت بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری گشتی، و لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی لیژنەی وەزارەت ئەرکەکانی ئەنجام دەدات.

## بەشی دووەم

## ڕێکخستنەوەی ماف و ئیمتیازاتەکانی میراتگرانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیکراو و گیراوانی سیاسی

**ماددەی (٤):**

**یەکەم:** بە مەبەستی جێبەجێکردنی ماددەی (٢- یەکەم) لە یاسای چاکسازی، وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێنمایی دارایی پێویست، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، دەردەکات.

**دووەم:** بە مەبەستی جێبەجێکردنی ماددەی (٢- دووەم) لە یاسای چاکسازی، لیژنەی وەزارەت لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و لیژنە لاوەکییەکانی وەزارەت، وردبینی و پێداچوونەوە دەکەن بە گشت بڕیارەکانی پەیوەست بە میراتگری ئەو کەسانەی کە بەدەر لە حوکمەکانی یاسای بەرکار سوودمەند بوون.

**سێیەم:** ئەنجومەنی وەزیران لەسەر پێشنیاری لیژنەی باڵا و بە ڕاسپاردەی لیژنەی وەزارەت لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، گشت ئەو فەرمان و بڕیار و ڕێنمایی و ڕێکارانەی پێچەوانەی حوکمەکانی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوان لە هەرێم ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەموارکراو دەرچوون، هەڵدەوەشێنێتەوە.

**ماددەی (٥):**

**یەکەم:** بە مەبەستی جێبەجێکردنی ماددەی (٢- سێیەم) لە یاسای چاکسازی، لیژنەیەکی تایبەت پێکدەهێندرێت بە سەرۆکایەتی نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامێتی نوێنەرانی وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە مەرجێك پلەیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت ، ئەرکی وردبینی و پێداچوونەوە و پاککردنەوەی لیستەکانی زیندانی و گیراوی سیاسی بەپێی شایستەی یاسایی دیاریکراو دەگرنە ئەستۆ.

**دووەم:** تۆماری زیندانی و گیراوی سیاسی نوێ لەلایەن لیژنە تایبەتمەندەکانەوە هەڵدەپەسێردرێت تاوەکو ئەرکی وردبینی و پێداچوونەوە و پاککردنەوەی لیستەکان تەواو دەبێت.

**سێیەم:** ئەنجومەنی وەزیران کاردەکات لەسەر بەئەلیکترۆنیکردنی تۆماری لیستەکانی زیندانی و گیراوی سیاسی لە ڕێگەی جێبەجێکردنی پرۆسەی تۆماری بایۆمەتری و بە ڕەچاوکردنی ڕێکارەکانی پۆلینکردنی زیندانی سیاسی و گیراوی سیاسی ، بە سوودوەرگرتن لە بەڕێوەبەرایەتی زیندانیانی سیاسی.

**ماددەی (٦):**

بە مەبەستی جێبەجێکردنی ماددەی (٢- چوارەم) لە یاسای چاکسازی، وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێنمایی دارایی پێویست، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، دەردەکات.

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:** وەزارەتی دارایی و ئابووری، بە مەبەستی جێبەجێکردنی ماددەی (٢- پێنجەم) لە یاسای چاکسازی، بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی (خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی) و (پەروەردە) و (تەندروستی) و (وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان)، ڕێنمایی پێویست دەردەکات بۆ ڕێکخستنەوەی لە ئەستۆگرتنی حکومەت بۆ خەرجی چارەسەری تەندروستی و خوێندنی (کوڕ و کچ و هاوسەری شەهید کە هاوسەرگیری نەکردۆتەوە) لە قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆ حکومی و ئەهلییەکان لە هەرێمدا، و مەرجەکانی شایستەبوون دەستنیشان دەکرێت لەبەر ڕۆشنایی ماددەی (٧- بڕگەی دووەم) لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهید وئەنفالکراوان لە هەرێم ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەموارکراو.

**دووەم:** وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان ، بە شێوەیەکی بەردەوام، زانیاری تەواو و باوەڕپێکراو لەبارەی کەسوکاری شەهیدان کە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە بەپێی تەمەن و قۆناغی خوێندن ئامادە دەکات تاوەکو لە نێوان وەزارەتە پەیوەندیدارەکان هەماهەنگی بکرێت و پلانی ساڵانەی پێویست بۆ ئەو خەرجییانە دابڕێژرێت.

**سێیەم:** یەکەیەکی کارگێڕی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری سەرلەنوێ دادەمەزرێت کە ئەرکی ڕێکخستن وسەرپەرشتیکردن و بەدواداچوونی خەرجییەکانی هاتوو لەم ماددەیە لە ئەستۆ دەگرێت.

## بەشی سێیەم
## نەهێشتنی سوودمەند بوون لە جارێک زیاتر لە بودجەی گشتی

**ماددەی (٨):**

**یەکەم:** وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی، کاردەکات بۆ دامەزراندنی ناوەندی دەستنیشانکردنی کەمئەندامی (مركز تشخيص العوق)، کە دەبێتە تاکە دامەزراوەی تایبەتمەند بە دیاریکردنی ڕێژەی پەککەوتەیی و کەمئەندامی بەپێی پێوەرە جیهانییە کارپێکراوەکان.

**دووەم:** لەگەڵ دامەزراندن و کارکردنی ناوەندی دەستنیشانکردنی کەمئەندامی، گشت ئەو لیژنانەی تایبەتمەندن بە دیاریکردنی ڕێژەی پەککەوتەیی هەڵدەوەشێندرێنەوە.

**ماددەی (٩):**

**یەکەم:** بە مەبەستی جێبەجێکردنی ماددەی (٣- یەکەم - ١) لە یاسای چاکسازی، لیژنەی وەزارەت لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و لیژنە لاوەکییەکانی وەزارەت، بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنە تایبەتمەندەکان، ووردبینی و پێداچوونەوە بە گشت لیستەکانی سوودمەندان لە تەرخانکراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندامان دەکەن.

**دووەم:** وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، لەسەر ڕاسپاردەی لیژنەی وەزارەت، سەرجەم ئەو بەخشین وئیمتیازاتە داراییانەی کە خەرج دەکرێن بۆ سوودمەندانی چاودێری کۆمەڵایەتی و خاوەن پێداویستی تایبەت وکەمئەندامان، کە بەدەر لە یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان خۆیان تۆمار کردووە، هەڵدەوەشێنێتەوە.

**سێیەم:** لیژنەی وەزارەت لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و لیژنە لاوەکییەکانی وەزارەت، دوای وردبینی وپێداچوونەوە بە دۆسیەی سوودمەندان لە تەرخانکراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی وخاوەن پێداویستی تایبەت وکەمئەندامان، ئەرکی ڕاستکردنەوەی سوودمەندبوون لەو بەخشین و ئیمتیازاتانەی دەدرێت بەم توێژانە دەگرنە ئەستۆ بەپێی پێوەرەکانی سوود وەرگرتن لەو بەخشین و ئیمتیازاتانە، و لەناویشیاندا ڕێژەی پەککەوتەیی بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکیی ڕاستێنراو تاوەکو ناوەندی دەستنیشانکردنی کەمئەندامی (مركز تشخيص العوق) دادەمەزرێت.

**ماددەی (١٠):**

**یەکەم:** بە مەبەستی جێبەجێکردنی ماددەی (٣- یەکەم - ٢) لە یاسای چاکسازی، وەزارەتەکان و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت، هەماهەنگی دەکەن لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ، بە هاوکاری لیژنەی باڵای بایۆمەتری لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بە مەبەستی دیاریکردنی ئەو فەرمانبەرانەی بەخشین وەردەگرن لە لیستی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت.

**دووەم:** دەستنیشانکردنی دەرماڵەی (لەبری پەککەوتەیی) بە ڕێژەیەك لە مووچەی بنەڕەتی فەرمانبەرانی خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندامان بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران بەڕەچاوکردنی ڕێژەی پەککەوتەیی بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکیی ڕاستێنراو.

**سێیەم:** فەرمانبەران لە خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندامان، لە جیاتی ئەو بەخشینەی کە لە تەرخانکراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی وەریدەگرن، دەرماڵەی (لەبری پەککەوتەیی)یان پێدەدرێت.

**ماددەی (١١):**

**یەکەم:** بە مەبەستی جێبەجێکردنی ماددەی (٣- دووەم) لە یاسای چاکسازی، یەکەیەکی کارگێڕی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری دادەمەزرێندرێت بۆ بەدواداچوون و تۆمارکردن و کۆنترۆڵکردنی ئەو ماف و ئیمتیازاتانەی کە فەرمانبەرانی هەرێم وەریدەگرن لە حکومەتی فیدراڵ بە مەبەستی ڕێگریکردن لە وەرگرتنی زیاتر لە یەك مووچە وبەخشین و هەر ئیمتیازێکی تر لە حکومەتی هەرێم و لە حکومەتی فیدراڵیدا لە هەمان کاتدا.

**دووەم:** بە مەبەستی جێبەجێکردنی ماددەی (٣- سێیەم) لە یاسای چاکسازی، ئەو کەسانەی کە بەپێی یاسا ورێنماییەکان سەرەڕای مووچە سوودمەندن لە وەرگرتنی بەخشین و ئیمتیازاتی دارایی تر لە بودجەی گشتی لە ناو هەرێم و دەسەڵاتی فیدراڵی سەرپشك دەکرێن لە سوودوەرگرتن لە یەکێك لەو مووچە و بەخشین و ئیمتیازاتانە، و بۆ ئەو مەبەستە، بەڵێننامەی یاسایی نووسراو لەو کەسانە وەردەگیرێت، و پێویستە نووسراوی پشتگیری لە دامودەزگای پەیوەندیدار بهێنن.

**ماددەی (١٢):**

**یەکەم:** بە مەبەستی جێبەجێکردنی ماددەی (٣- چوارەم) لە یاسای چاکسازی، لیژنەی وەزارەت و لیژنە لاوەکییەکان بەدواداچوون دەکەن بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی حوکمی ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە پاشان سەرپشککردنیان لە هەڵبژاردنی مووچەی وەزیفەکەی یان مووچەی گرێبەست یاخود مووچەی خانەنشینییەکەی، و دوای تەواوبوونی ماوەی گرێبەستەکەی پێویستە نووسراوێکی وەزارەت یان لایەنی نەبەستراو بە وەزارەتی پەیوەندیدار بە خۆی ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی لە وەزارەتی دارایی وئابووری بکرێت تاوەکو مووچەی خانەنشینی بۆ بگەڕێتەوە.

**دووەم:** میکانیزمی هاتوو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە بۆ هەردوو سندوقی خانەنشینی شارستانی و سەربازی و ئاسایش و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ کاری پێدەکرێت.

## بەشی چوارەم
## بواری پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی ناوخۆ

**ماددەی (١٣):**

بە مەبەستی جێبەجێکردنی ماددەی (٤- یەکەم) لە یاسای چاکسازی، وەزارەتی پێشمەرگە، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری، کاردەکات لەسەر:

**یەکەم:** یەکخستنی بودجەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە وەزارەتی پێشمەرگە لە ڕێگەی ژمێریاری سەربازیی وەزارەت.

**دووەم:** یەکخستن و ئامادەکردن و ووردبینیکردن و خەرجکردنی لیستەکانی مووچەی گشت دامودەزگا ویەکەکانی پێشمەرگە لە ژمێریاری سەربازی، و چاودێریکردنی لەلایەن فەرمانگەی چاودێری دارایی وەزارەتی پێشمەرگە.

**سێیەم:** یەکخستن و ڕێکخستنی یەکەکانی ژمێریاری هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بەپێی میلاکی پەسەندکراوی یەکە و دامودەزگا و فەرماندەییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە.

**ماددەی (١٤):**

**یەکەم:** بە مەبەستی جێبەجێکردنی ماددەی (٤- دووەم) لە یاسای چاکسازی، فەرمانگەی چاودێری دارایی وەزارەتی پێشمەرگە و وردبینی ناوەندی وەزارەتی پێشمەرگە، بە شێوەی مانگانە و وەرزی و سالانە، وردبینی و چاودێری گشت کاروبارەکانی ژمێریاری و دارایی و کارگێڕی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان ئەنجام دەدەن.

**دووەم:** بە مەبەستی جێبەجێکردنی ماددەی (٤- سێیەم) لە یاسای چاکسازی، لیژنە لاوەکییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە، دۆسیەی کەسی بۆ هەموو پێشمەرگەیەك لە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان دەکەنەوە و ووردبینی تیادا دەکەن، و کارەکانیان لە ژێر چاودێری فەرمانگەی چاودێری دارایی وەزارەتی پێشمەرگە دەبێت.

**سێیەم:** لیژنە لاوەکییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە، دوای تەواوبوونی ووردبینی دۆسییەکانی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، ڕاسپاردەکانیان سەبارەت بە پێداچوونەوە بە خزمەتی پێشمەرگایەتی لە گشت یەکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ لیژنەی وەزارەت لە وەزارەتی پێشمەرگە بەرز دەکەنەوە.

**چوارەم:** وەزارەتی پێشمەرگە، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری- بەڕێوەبەرایەتی گشتی بودجە- میلاك، ڕێنمایی پێویست بۆ ڕێکخستنەوەی خزمەتی پێشمەرگایەتی لە گشت یەکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەردەکات.

**ماددەی (١٥):**

**یەکەم:** بە مەبەستی جێبەجێکردنی ماددەی (٤- چوارەم و پێنجەم) لە یاسای چاکسازی، ئەنجومەنی وەزیران، بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، پەیڕەوێك بۆ ڕێکخستنەوەی دەستنیشانکردنی ژمارەی پاسەوانان بۆ بارەگا و دامەزراوە حزبییەکان و هەروەها پارێزگاری لە خاوەن وەزیفە باڵاکان و بەرپرسانی سەربازی و ئاسایش و پۆلیسی ناوخۆ دەردەکات.

**دووەم:** ئەوانەی زیاد دەبن لە ژمارەی دیاریکراو لە پەیڕەوی ئاماژەپێکراو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە لە چوارچێوەی میلاکی سەربازی و هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی ناوخۆ بەپێی شایستەبوونی خۆیان ڕاژەیان ڕێك دەخرێتەوە.

**سێیەم:** لیـژنەیەکی تایبەت پێکدەهێندرێت لە نوێنەرانی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکانی (ناوخۆ ، دارایی و ئابووری ، پێشمەرگە) و ئاسایشی گشتی و دەزگای ئاسایش بۆ دیراسەتکردنی لیستی میلاکی گشت پاسەوانان و ڕاسپاردەکانی بۆ لیـژنەی باڵا بەرز دەکاتەوە.

**چوارەم:** (یەکەی پاسـەوانی) لە وەزارەتـی نـاوخۆ دادەمەزرێـت و گشـت پاسـەوانانی سـەر میلاکـی سەربازی وهێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی نـاوخۆ بـۆ سـەر میلاکـی ئەم یەکەیە دەگـوازرێنەوە و خەرجکردنی مووچەی پاسـەوانی تەنها لەلایەن بەڕێـوەبەرایەتی ژمێریـاری وەزارەتـی نـاوخۆ دەبێت دوای هاوتاکردن و یەکخسـتنی میلاکـی پاسـەوانانی گشـت وەزارەت و دامەزراوەکـانی دیکەی هەرێم بەپێی میلاکی وەزارەتی ناوخۆ.

**پێنجەم:** وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری، بە هەمـاهەنگی لەگەڵ وەزارەتـی نـاوخۆ، ڕێنمـایی دارایـی پێویست بۆ جێبەجێکردنی بڕگەی (چوارەم)ی ئەم ماددەیە دەردەکات.

**ماددەی (١٦):**

**یەکەم:** بە مەبەستی جێبەجێکردنی ماددەی (٤- شەشـەم) لە یاسای چاکسـازی، لیــژنە لاوەکییەکـانی وەزارەتــی پێشــمەرگە پێــداچوونەوە و ڕێکخــتنەوەی لیســتی ســوودمەندانی خانەنشــینی کەمئەندامانی پێشمەرگە لەبەر ڕۆشـنایی یاسـای ژمـارە (٣٤)ی سـاڵی ٢٠٠٧ یاسـای خانەنشـینی کەمئەنــدامانی پێشــمەرگە (زێرەڤــانی) هەرێمــی کوردســتان - عێــراق دەگـرنە ئەسـتۆ ، و ڕاسپاردەکانیان بۆ لیـژنەی وەزارەت بەرز دەکەنەوە.

**دووەم:** لیـژنەی وەزارەت پێشنیاری هەڵوەشاندنەوە و ڕاستکردنەوەی خانەنشینی ئەو کەسـانەی کە بە پـێچەوانەی یاسـای ژمـارە (٣٤)ی سـاڵی ٢٠٠٧ یاسـای خانەنشـینی کەمئەنـدامانی پێشـمەرگە (زێرەڤانی) هەرێمـی کوردستان - عێـراق خانەنشین کراون بۆ وەزیر بەرز دەکاتەوە.

**سێیەم:** وەزیـری پێشـمەرگە پێشـنیارەکانی لیـژنەی وەزارەت پەسـەند دەکـات و ڕێوشوێنــی یاسـایی دەگـرێتە بەر بـۆ هەڵوەشـاندنەوە و ڕاسـتکردنەوەی خانەنشـینــی ئەو کەسـانەی کە لە بـڕگەی (دووەم) ئاماژەیان پێکراوە.

## بەشی پێنجەم
## دەرماڵەکان

**ماددەی (١٧):**

ئەنجومەنی وەزیران گشت دەرماڵەکان لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان بە شـێوەیەکی دادپەروەرانە ڕێك دەخاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لیـژنەی باڵا پێشنیارەکانی خۆی بە گوێرەی ماددەی (٥) لە یاسـای چاکسازی پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران دەکات.

## بەشی شەشەم
## ڕێکخستنەوەی هەژمارکردنی خزمەت

**ماددەی (١٨):**

ئەنجومەنی وەزیران، لەسەر ڕاسپاردەی لیـژنەی بـاڵا و لیـژنەی وەزارەت، ئەرکی هەڵوەشـاندنەوەی گشت ئەو بڕیارانە دەگرێتە ئەسـتۆ کە پەیوەسـتن بە هەژمـارکردنی خزمەتی فەرمـانبەریی بەدەر لە یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان.

**ماددەی (١٩):**

بە مەبەستی جێبەجێکردنی مـاددەی (٦- یەکەم) لە یاسـای چاکسـازی، وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری ڕێنمایی دارایی پێویست، بە هەماهەنگی لەگەڵ هەردوو وەزارەتی (ناوخۆ ، پێشمەرگە)، دەردەکات.

**ماددەی (٢٠):**

ئەنجومەنی وەزیران، بە مەبەستی جێبەجێکردنی ماددەی (٦- دووەم) لە یاسای چاکسازی، گشت ئەو بڕیارانە هەڵدەوەشێنێتەوە کە هاودژن لەگەڵ حوکمەکانی یاسای میلاکی ژمـارە (٢٥)ی سـاڵی ١٩٦٠ی هەمـوارکراوی کـارپێکراو لە هەرێمـدا، یـان هەر یاسـایەکی تـر کە جـێگەی دەگـرێتەوە، و پێویسـتە وەزارەتەکـان و لایەنـی نەبەسـتراو بە وەزارەت، لەسـەر بڕیـاری ئەنجـومەنی وەزیـران، گشـت ئەو ڕێنمایی و بڕیارانە هەڵبوەشێننەوە کە هاودژن لەگەڵ حوکمەکانی یاسای ئاماژەپێکراو.

## بەشی حەوتەم
## بواری خانەنشینی

**ماددەی (٢١):**

لیـژنەی لاوەکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشـینی لە وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری بە هەمـاهەنگی لایەنی پەیوەندیدار لە پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی دادوەری هەرێم، چەند لیـژنەیەك لەسـەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتییەکانی خانەنشینی پێکدەهێنێت، ئەرکی پێداچوونەوە بە لیستی خانەنشـینان و دڵنیابوون لە ئەنجامدانی تۆمارکردنیان لە سیستەمی بایۆمەتری لە ئەستۆ دەگرێت.

**ماددەی (٢٢):**

**یەکەم:** بە مەبەسـتی جێبەجێکردنـی مـاددەی (٨) لە یاسـای چاکسـازی، ئەنجـومەنی وەزیـران ئەرکـی هەڵوەشاندنەوەی بەرێوەبەرایەتی و فەرمانگە و هەر یەکەیەکی دیـکەی کـارگێڕی و دارایـی کە مـووچەی خانەنشـینییان لـێ خەرج دەکرێـت، جـگە لە بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی خانەنشـینی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری، لە ئەستۆ دەگرێت.

**دووەم:** وەزارەتی دارایی و ئـابووری کاردەکـات لەسـەر گواسـتنەوەی گشـت دۆسـیەی خانەنشـینان لە هەرێـم (شارسـتانی، سـەربازی، هێزەکـانی ئاسـایش و پۆلیسـی نـاوخۆ، یەکە ڕێکنەخراوەکـانی هێزەکـانی پێشـمەرگە) بـۆ سـەر بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی خانەنشـینی لە وەزارەتـی دارایـی و ئابووری.

**سێیەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی، دوای دڵنیابوون لە شایستەی یاسایی، کاردەکات لەسەر تۆمارکردنی گشت خانەنشینان بەپێی سیستەمی ئەلیکترۆنی بایۆمەتری لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

**چوارەم:** لیژنەی لاوەکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری چەند لیژنەیەك لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتییەکانی خانەنشینی پێکدەهێنێت، ئەرکی پێداچوونەوە بە لیستی خانەنشینان و دڵنیابوون لە ئەنجامدانی تۆمارکردنیان لە سیستەمی بایۆمەتری لە ئەستۆ دەگرێت.

**پێنجەم:** وەزارەتی دارایی و ئابووری، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمەرگە، ڕێنمایی دارایی پێویست بۆ مەبەستەکانی هاتوو لەم ماددەیە دەردەکات.

**ماددەی (٢٣):**

**یەکەم:** ئەنجومەنی وەزیران، لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان، میکانیزمی پێویست بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ماددەی (٩) لە یاسای چاکسازی دەگرێتە بەر.

**دووەم:** بە مەبەستی جێبەجێکردنی ماددەی (٩) لە یاسای چاکسازی، وەزارەتی دارایی و ئابووری، بە هەماهەنگی لەگەڵ هەردوو وەزارەتی (ناوخۆ ، پێشمەرگە)، ڕێنمایی دارایی پێویست دەردەکات.

## بەشی هەشتەم
## حوکمەکانی کۆتایی

**ماددەی (٢٤):**

ئەنجومەنی وەزیران، لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان، میکانیزمی پێویست بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ماددەی (١٢- یەکەم) لە یاسای چاکسازی دەگرێتە بەر.

**ماددەی (٢٥):**

بە مەبەستی جێبەجێکردنی ماددەی (١٢- دووەم و سێیەم) لە یاسای چاکسازی، لیژنەی وەزارەت ئەو کەسانە دەستنیشان دەکات کە حوکمی ماددەی ئاماژەپێکراو دەیانگرێتەوە و لیستی ناوەکان بۆ لیژنەی باڵا بەرز دەکرێتەوە لە ماوەیەك کە لە (٣٠) سی ڕۆژ تێپەڕ نەکات لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی یاسای چاکسازی.

**ماددەی (٢٦):**

ئەنجومەنی وەزیران، لەسەر ڕاسپاردەی لیــژنەی بـاڵا، میکـانیزمی یاسـایی پێویسـت دەگـرێتە بەر بە مەبەستی جێبەجێکردنی ماددەی (١٣- دووەم) لە یاسای چاکسازی.

**ماددەی (٢٧):**

**یەکەم:** بە مەبەستی جێبەجێکردنـی مـاددەی (١٣- سـێیەم) لە یاسـای چاکسـازی، لیــژنەی وەزارەت لە وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕاسپاردەی پێویست بۆ وەزیری دارایی و ئابووری بەرز دەکاتەوە.

**دووەم:** وەزیری دارایی و ئابووری ڕاسپاردەکانی لیـژنەی وەزارەت پەسەند دەکات، و بەڕێـوەبەرایەتی گشتی کاروباری یاسایی لە وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری ڕادەسـپێرێت بـۆ گـرتنەبەری ڕێکـاری یاسایی بە مەبەستی وەرگرتنەوەی قەرزە بازرگانییەکان.

**ماددەی (٢٨):**

**یەکەم:** حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە هەموو حاڵەتەکانی پێش بەرکاربوونی ئەم پەیڕەوەش دەگرێتەوە و پێویستە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەم پەیڕەوە.

**دووەم:** جێبەجێکردنــی حوکمەکــانی ئەم پەیــڕەوە ئاســەواری دارایــی و دادوەری لێنــاکەوێتەوە بــۆ حاڵەتەکانی پێش کەوتنەبواری جێبەجێکردنی لەسەر ئەو کەسانەی کە دەیانگرێتەوە.

**سێیەم:** ئەوانەی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە دەیانگرێتەوە مافی ئەوەیان هەیە تانەی یاسایی بـدەن لەو بڕیـارانەی پاڵپشـت بەم پەیــڕەوە دەردەچـن بەپێـی یاسـا بەرکارەکـان و لەناویشـیاندا یاسـای ئەنجومەنی شورای هەرێم ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ بەپێی تایبەتمەندی.

**ماددەی (٢٩):**

بە مەبەسـتی جێبەجێکردنــی مــاددەی (١٥) لە یاســای چاکســازی، ئەنجــومەنی وەزیــران، لەســەر ڕاسپاردەی لیــژنەی بـاڵا، و بە هەمـاهەنگی لەگەڵ بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی خانەنشـینی لە وەزارەتـی دارایی و ئابووری، میکانیزمی گونجاو دەگرێتە بەر.

**ماددەی (٣٠):**

ئەنجومەنی وەزیران، لەسەر پێشنیاری لیـژنەی باڵا، ماوەیەکی گونجاو دیـاری دەکـات بـۆ وەزارەت و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لە دەرکردنی ڕێنمایی یـاخود وەرگرتنــی ڕێکــاری پێویســت بەپێــی حوکمەکــانی ئەم پەیــڕەوە، و پێویســتە وەزارەت و لایەنــی نەبەستراو بە وەزارەت لە ماوەی دیاریکراو ئەرکەکانیان بەجێبگەیەنن.

**ماددەی (٣١):**

**یەکەم:** وەزارەتی دارایی و ئابووری، ڕێنمایی دارایی پێویست دەردەکات بۆ جێبەجێکردنی ماددەکانی (٥) و (٦- دووەم) و (٦- سێیەم) و (٦- چوارەم) و (٦- پێنجەم) و (٧) و (١٠) و (١٢- دووەم و سێیەم) و (١٣- یەکەم) لە یاسای چاکسازی.

**دووەم:** وەزارەتی دارایی و ئابووری، لە کاتی دەرچوواندنی ڕێنمایی دارایی پێویست، ڕەچاوی حوکمەکانی یاسا بەرکارەکانی هەرێم دەکات و هیچ ڕێنمایی و فەرمان و بڕیار و گشتاندنێك پیادە ناکرێت کە پێچەوانەی حوکمەکانی یاسا بەرکارەکان دەرچوون.

**سێیەم:** لیژنەی وەزارەت و لیژنە لاوەکییەکان لە گشت دامەزراوەکانی هەرێم، ئەرکەکانیان لەبەر ڕۆشنایی بنەما یاساییەکان و ئەو ڕێکارانەی هاتووە لە ڕێنماییە داراییەکان ئەنجام دەدەن، و ڕاسپاردەکانیان لە ڕێگەی وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت بۆ لیژنەی باڵا بەرز دەکەنەوە.

**چوارەم:** وەزارەتی دارایی و ئابووری تایبەتمەند دەبێت بە پێدانی ڕوونکردنەوەی یاسایی پێویست لەسەر داوای وەزارەت یان لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت سەبارەت بە ئاسان جێبەجێکردنی ئەو ڕێنماییە داراییانەی کە وەزارەتی دارایی و ئابووری دەریان دەکات بە شێوەیەك بواری بۆچوون و لێکدانەوەی جیاواز نەمێنێت لە نێوان وەزارەتەکان و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت لەسەر چۆنییەتی جێبەجێکردنی ئەو ڕێنماییانە.

**ماددەی (٣٢):**

لە هەر ماددەیەکی ئەم پەیڕەوە، ئاماژەکرابێت بە هەماهەنگی نێوان وەزارەتەکان یاخود نێوان وەزارەتەکان و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت لە دەرکردنی ڕێنمایی یان گرتنەبەری ڕێکارێکی یاسایی دیاریکراو، و ئەو لایەنانە نەگەیشتنە ڕێککەوتن لەسەر بابەتەکە، ئەوا ئەنجومەنی وەزیران بابەتەکە یەکلایی دەکاتەوە.

**ماددەی (٣٣):**

**یەکەم:** داواکاری گشتی لە هەرێم پابەندە بە وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی پێویست بەرامبەر هەر فەرمانبەرێك یان هەر کەس و لایەنێك کە بەربەست و ئاستەنگ بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاسای چاکسازی دروست دەکەن، یان چاوپۆشی دەکەن لە هەر حاڵەتێکی نایاسایی کە دەقەکانی یاسای چاکسازی دەیگرێتەوە یاخود کارێکی نایاسایی تێدەپەڕێنن بە پێچەوانەی مەبەستەکانی هاتوو لە یاسای چاکسازی.

**دووەم:** دەکرێت نوێنەری داواکاری گشتی، لەسەر ڕاسپاردەی وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت، ئامادەی کۆبوونەوەکانی لیـژنەی وەزارەت یان لیژنە لاوەکییەکان ببێـت.

**ماددەی (٣٤):**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٣٥):**

ئەم پەیڕەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە، و لەدوای تێپەڕبـوونی (٩٠) نەوەد ڕۆژ لە دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێـت.

**هۆکارە پێویستییەکانی دەرچوواندنی ئەم پەیڕەوە**

بە مەبەستی ئاسانکردنی جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ یاسـای چاکسـازی لە مووچە و دەرماڵە و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمــی کوردسـتان - عێــراق، و دیـاریکردنی ڕۆڵ و ئەرکی هەریەك لە ئەنجومەنی وەزیـران و وەزارەتەکـان و لایەنە نەبەسـتراوەکان بە وەزارەت لەژێر ڕۆشنایی حوکمەکانی یاسای ئاماژەپێکراو، ئەم پەیڕەوە دەرچووێندرا.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٥٥٤٠ لە ٢٠٢٠/٣/٣**

**بەیانی ژمارە (١٣) ساڵی ٢٠٢٠**

دوابەدوای بەیانی ژمارە (١٢،١١،١٠،٨،٦،٥،٣)ی تایبەت بە ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان تایبەت بە ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :-

**یەکەم:** - ڕاگرتنی بەڕێوەبردنی مامەلەی گشت هاوڵاتیان و بیانیەکان لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی گشتی (هاتووچۆ و ڕەگەزنامە) و بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆ و پاسپورت و ڕەگەزنامە و نشینگە لە گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان تا ٢٠٢٠/٣/١٤ و لە ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/١٥ دەست بە بەڕێوەبردنی مامەلەی هاوڵاتیان دەکرێت .

**دووەم** :- ئەو مامەڵانەی کە سزای دواکەوتنی دەکەوێتە سەریان لە گشت ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی بڕگەی یەکەم دیاری کراون بە بەخشراو ئەژمار دەکرێت.

**سێیەم** :- گشت فەرمانبەرانی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی کە لە بڕگەی یەکەم دیاری کراون بە سیستەمی نیوە بە نیوە (٥٠٪ بە ٥٠٪ ڕۆژ نا ڕۆژێك) دەوام دەکرێت لە (٨:٠٠)ی بەیانی تا (١:٠٠)ی نیوەڕو.

**چوارەم** :- ئەم بەیانە تەنها ستافی بەڕێوەبردنی مامەڵەکان دەگرێتەوە و بەڕێوەبەرەکان و بەڕێوەبەری بەشەکان و ستافی ڕێکخستنی هاتووچۆی ناو شارەکان و ئیشکگری لە گشت ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە ناگرێتەوە.

**پێنجەم**:- ئەم بەیانە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٣/٤ جێبەجێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٥٦٢٣ لە ٢٠٢٠/٣/٤**

**بەیانی ژمارە (١٤) ساڵی ٢٠٢٠**

ئاماژە بەیانی ژمارە (٣ ، ٨ ، ١١)ی تایبەت بە ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :-

**یەکەم:-** ئەو بیانیانەی کە ڤیزە پێدان و هاتنە ژوورەوەیان لە ڕێگای دەروازە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان بە پێی بەیانەکانی سەرەوە ڕاگیراوە ، ئەگەر پێش (٣٠) سی ڕۆژ لە گەیشتنیان بە دەروازە سنورییەکانی هەرێم سەردانی ئەو وڵاتانەیان نەکردبێت کە لە بەیانەکانی سەرەوە ئاماژەیان پێ دراوە ئەوا ڕێگەیان پێ دەدرێت بێنە هەرێم و ئەم بەدەرکردنە ئەوانەش دەگرێتەوە کە لە هەرێم نشینگەیان هەیە.

**دووەم:-** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٥٨١٠ لە ٢٠٢٠/٣/١١**

## بەیانی ژمارە (١٥) ساڵی ٢٠٢٠

دوابەدوای بەیانی ژمارە (٣،٥،٦،٨،١٠،١١،١٢،١٣،١٤)ی تایبەت بە ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان ، و دوای کۆبوونەوەی لێژنەی وەزاری بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا لە ٢٠٢٠/٣/١١ بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :-

**یەکەم**:- ڕاگرتنی هاتووچۆکردنی هاولاتیان لە نیوان پارێزگاکانی هەرێم جگە، لە تیمە تەندروستیەکان و دیپلوماتکاران و (ڕێکخراوەکان و ئاژانسەکانی UN) و هێزە ئەمنییەکان و بازرگانەکان و بۆ هەر حالەتێکی تر پێویستی بە ڕەزامەندی ژووری ئۆپەراسیونەکان هەیە کە لە پارێزگاکان و یەکە سەربەخۆکان پێکهێنراوە بە سەرۆکایەتی پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان و ئەم ڕاگرتنە لە نیوان ٢٠٢٠/٣/١٤ تا ٢٠٢٠/٣/٢٨ بەردەوام دەبێت.

**دووەم**:- سنوردارکردنی جموجوڵ و هاوردەکردنی بازرگانی لە هەر سێ دەروازەی (باشماخ، پەرویزخان و حاجی ئومەران) و دەسەڵات دەدرێت بە بەرێوەبەری گشتی گومرك بۆ ڕێکخستنەوەی جموجوڵی بازرگانی بە شێوەیەك هیچ جورە بەرکەوتەیێك لە نیوان هاوڵاتیان و شوفێران درۆست نەبێت.

**سێیەم**:- ڕاگرتنی هاتن و چوون لە نیوان هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی تری عێراق جگە لە حاڵەتی زۆر پێویست کە ئەویش بە ڕەزامەندی ژووری ئۆپەراسیونەکان هەیە کە لە پارێزگاکان و یەکە سەربەخۆکان پێکهێنراوە بە سەرۆکایەتی پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان و ئەم ڕاگرتنە لە نیوان ٢٠٢٠/٣/١٤ تا ٢٠٢٠/٣/٢٨ بەردەوام دەبێت.

**چوارەم**:- ئەو هاوڵاتیانەی هەرێمی کوردستان کە لە کۆماری ئیسلامی ئێران تا ئێستا نەگەراونەتەوە دوایین وادە بۆ گەرانەوەیان ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/١٦ دەبێت و لە ٢٠٢٠/٣/١٧ تا ٢٠٢٠/٤/١ ڕێگە بە کەس نادرێت لە ئێران بگەڕێتەوە.

**پێنجەم**:- پێویستە هاولاتیان پابەند بن بە ڕێنماییەکانی خۆپاراستن لە ڤایروسی کۆرۆنا کە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرچووە بە تایبەتی کەمکردنەوەی گەشتەکانی نەورۆز و نابێت لە یەك خێزان زیاتر لە شوێنێك کوببێتەوە.

**شەشەم**:- پێویستە دەستەی گەشت و گوزار ئەو شوێنە گەشتیارانە و هاوینە هەوارانە دابخات کە دەبنە هۆکاری گردبوونەوەی گەشتیاران و دروست بوونی جەنجاڵی.

**حەفتەم:**- ڕاگرتنی گشت چالاکییە وەرزشییەکان تا ٢٠٢٠/٤/١ جگە لە خولی نایابی عێراق کە هەندێك لە یارییەکانی لە هەرێم ئەنجام دەدرێت و پێویستە یارییەکان بە بێ هاندەر بەرێوەبچێت.

**هەشتەم:**- دەسەڵات دەدرێت بە پارێزگاکان بۆ ڕێکخستنەوەی بازارەکان بە تایبەتی بازارە میللیەکان و ڕێگرتن لە دروست بوونی قەڵەبالغی.

**نۆیەم:**- داوا لە هاوڵاتیانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەکەین کە پابەند بن بە هەموو ڕێنمایی و ڕێکارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا.

**دەیەم:**- ڕاگرتنی گەشتی ئاسمانی لە هەر دوو فرۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی لەگەل فرۆکەخانەکانی بەغدا و بەسرا لە ٢٠٢٠/٣/١٤ تا ٢٠٢٠/٣/٢٨ جگە لە دیپلوماتکاران و شاندە فەرمییەکان و گەشتەکانی ڕێکخراوی UN و هاوپەیمانان.

**یازدەیەم:**- ڕاگرتنی گەشتەکانی هێلی ئاسمانی (اجنحة الشام) بۆ فرۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان و تەنها ڕێگا بە (٢) گەشت دەدرێت بۆ گەرانەوەی هاوڵاتیانی سوری بۆ سوریا.

**دوازدەیەم** : - ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٥٨١٣ لە ٢٠٢٠/٣/١٣**

**بەیانی ژمارە (١٦) ساڵی ٢٠٢٠**

دوابەدوای بەیـانی ژمـارە (١٥،١٤،١٣،١٢،١١،١٠،٨،٦،٥،٣)ی تـایبەت بە رێگـری کـردن لە بڵاوبـوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان،
بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :

**یەکەم**:- ڕاگرتنـی هـاتووچۆ لە نـاو هەر دوو شـاری هەولێـر و سـلێمانی بـۆ مـاوەی (٤٨) کـاتژمێر و لە کاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەوی ١٣-٢٠٢٠/٣/١٤ دەست پێ دەکات.

**دووەم**:- پێویستە هاوڵاتیان لە ماڵەکانی خۆیان بمێننەوە تا تیمە تەندروستیەکان بتوانن کـاری خۆیـان ئەنجـام بـدەن و بـۆ هەر حـالەتێکی گومـانلێکراو پەیوەنـدی بە هێلـی گەرمـی (١٢٢) بکرێـت و پێویستە ئەو هاوڵاتیە لە جێگای خۆی بمێنێتەوە تا تیمە تەندروستیەکان بە هانایەوە دەچن.

**سێیەم**: پێویستە ئەو هاوڵاتیانەی کە بە رێگای نایاسایی لە ئێران گەراونەتەوە بە زووترین کات خۆیان بە تیمە تەندروسـتیەکان بناسـێنن ، بە پـێچەوانەوە سـەرەڕای ئەوەی کە دەبـرێن بـۆ کەرەنتـین بەپێـی یاسـا ڕادەسـتی دادگـا دەکـرێن بە تـۆمەتی بە ئەنقەسـت بڵاوکـردنەوەی نەخووشـی و گەرانەوە بە رێگای نایاسایی.

**چوارەم**:- پێویسـتە ژووری ئۆپەراسـیونەکانی هەر دوو پارێزگـای هەولێـر و سـلێمانی و تەواوی تـیمە تەندروستیەکان و هێزە ئەمنیەکان بکەونە حـاڵەتی ئامادەباشـی بەمەبەسـتی جێبەجـێ کردنـی بڕگەکانی سەرەوە.

**پێنجەم**:- ئەو عێراقـی و بیانیـانەی کە لەم وەڵاتـانەی خـوارەوە دێـنە هەرێمـی کوردسـتان لە کـاتی گەیشتنیان بۆ دەروازە سنورییەکانی هەرێمـی کوردسـتان ئەگەر (٣٠) رۆژ پـێش گەشـتنیان لەو وەلاتانە بووبن ئەوا دوای پشکنینی سەرەتایی، پێویستە ببرێن بۆ کەرەنتینەکان تا تێپەربـوونی ئەو ماوەیەی کە وەزارەتی تەندروستی دەست نیشانی کردووە:

وەلاتەکان: (**بەلجیکا، هنگاریا، کرواتیا، قبـرص، دانیمـارك، ئەسـتونیا، ئەلمانیـا، فەرەنسـا، یونـان، ئەلبانیا، لیتوانیا، لۆکسەمبورگ، مالتا، هولەندا، چیك، پولەندا، پۆرتوگال، رومانیـا، سـلوڤاکیا، سـلوفینیا، فینلانـد، ئیسـپانیا، سـوید، بۆسـنیا و هەرزەگۆڤینـا، بریتانیـا، ئیرلەنـد، اسـکوتلندا، نەرویج، سربیا، مۆنتینیگرۆ، بولگاریا، نەمسا، سویسرا**).

**شەشەم**:- بڕگەی (پێنجەمی) سەرەوە دیپلوماتکارەکان و شاندە فەرمییە بیانیەکان ناگرێتەوە و لە دەروازە سنورییەکان بە ڕێزەوە پێشوازیان لێ دەکرێت و پشکنینی سەرەتاییان بۆ دەکرێت بەلام پێویستە بڕوانامەی تەندروستی (Medical Clearence) یان پێبێت کە هەلگری ڤایرۆسی کۆرۆنا نین.

**حەفتەم**:- داوا لە هاولاتیانی کوردستان دەکەین کە نیشتەجێ وەلاتانی ئەوروپان نەگەڕێنەوە بۆ هەرێمی کوردستان بۆ جەژنی نەورۆز، لە بە ئەوەی هەموو جورە ئاهەنگ و گردبوونەوە لە نەورۆز ڕاگیراوە.

**هەشتەم**:- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت.

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٥٨١٤ لە ٢٠٢٠/٣/١٣**

**بەیانی ژمارە (١٧) ساڵی ٢٠٢٠**

دوابەدوای بەیـانی ژمـارە (١٥،١٦،١٤،١٣،١٢،١١،١٠،٨،٦،٥،٣)ی تـایبەت بە رێگـری کـردن لە بڵاوبـوونەوەی ڤایروسـی (کۆرۆنـا) و لە پێنـاو پاراسـتنی ئاسایشـی تەندروسـتی هەرێمـی کوردسـتان ، بڕیارمانـدا بەدەرچوواندنی ئەم بەیانە :

**یەکەم:**- ئەو هاوڵاتی عێراقی و بیانیـانەی کە پـێش (٣٠) رۆژ لە گەیشـتنیان بـۆ دەروازە سـنورییەکانی هەرێمی کوردستان سەردانی وەلاتی (لوبنان) کردبێت دەبرێن بۆ کەرەنتین تـا تێپەربـوونی ئەو ماوەیەی کە وەزارەتی تەندروستی دەست نیشانی کردووە.

**دووەم:**- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت.

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٥٨١٦ لە ٢٠٢٠/٣/١٥**

**بەیانی ژمارە (١٨) ساڵی ٢٠٢٠**

دوابەدوای بەیانی ژمارە (١٧،١٥،١٦،١٤،١٣،١٢،١١،١٠،٨،٦،٥،٣)ی تایبەت بە ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :

**یەکەم**:- درێژکردنەوەی ماوەی ڕاگرتنی هاتووچۆ لە ناو هەر دوو شاری هەولێر و سلێمانی بۆ ماوەی (٧٢) کاتژمێر و لە کاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەوی ١٥-٢٠٢٠/٣/١٦ دەست پێ دەکات.

**دووەم**:- ڕاگرتنی هاتووچۆ لە نێوان قەزاکانی هەر دوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی بۆ ماوەی (٧٢) کاتژمێر و لە کاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەوی ١٦-٢٠٢٠/٣/١٧ دەست پێ دەکات.

**سێیەم**:- پێدانی دەسەڵات بە پارێزگاری (هەولێر و سلێمانی) بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی چوونێتی دابین کردنی پێداویستیەکانی هاوڵاتیان لەو ماوەیەدا بە شێوەیەك کارتێکردنی نەکات لەسەر جێبەجێ کردنی بڕگەی (یەکەمی) سەرەوە.

**چوارەم**:- دواوادە بۆ گەڕانەوەی هاوڵاتیان بۆ هەرێمی کوردستان کاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەوی ١٦-٢٠٢٠/٣/١٧ دەبێت و دوای ئەو بەروارە گشت دەروازە سنورییەکان بە ڕووی گەشتیاران دادەخرێن و تەنها بە ڕووی جمۆجوڵی بازرگانی کراوە دەبێت لە دەروازە سنورییەکانی (پەروێزخان ، حاجی ئومەران، ابراهیم خلیل و باشماخ) بەو مەرجانەی کە پێشتر بڕیاری لەسەر دراوە.

**پێنجەم**:- سوپاسی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ پابەندبوونیان بە ڕێنماییەکانی حکومەت تایبەت بە خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا و داوایان لێ دەکەین لە ماڵەکانیان بمێننەوە.

**شەشەم**:- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٥٨١٨ لە ٢٠٢٠/٣/١٧**

## بەیانی ژمارە (١٩) ساڵی ٢٠٢٠

دوابەدوای بەیانی ژمارە (١٥،١٦،١٧،١٨)ی تایبەت بە ڕاگرتنی هاتووچۆ بە مەبەستی ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و یاسای هاتووچۆ ژمارە (٨٦) ساڵی ٢٠٠٤ ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :

**یەکەم:**- پێبژاردنی بڕی (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار دینار بەو شوفێرانەی کە بە ئۆتۆمبێلەکانیان پێشێلی هاتووچۆ دەکەن بۆ جاری یەکەم .

**دووەم:**- دەست بەسەرداگرتنی ئۆتۆمبێلی ئەو شوفێرانەی کە بە ئۆتۆمبێلەکانیان پێشێلی هاتووچۆ دەکەن بۆ ماوەی (٥) پێنج ڕۆژ و پێبژاردنیان بە بڕی (٣٠٠،٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار بۆ جاری دووەم.

**سێیەم:**- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٥٨٢٣ لە ٢٠٢٠/٣/١٨**

**بەیانی ژمارە (٢٠) ساڵی ٢٠٢٠**

دوابەدوای بەیـانی ژمـارە (١٨،١٦) و لە پێنـاو پاراسـتنی ئاسایشـی تەندروسـتی هەرێمـی کوردسـتان بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :

**یەکەم**:- ڕاگرتنی هـاتووچۆ لە تەواوی پارێزگاکـانی هەولێـر و سـلێمانی و دهـوك و هەڵەبـجە و ئیـدارە سەربەخۆکانی ڕاپەڕین و گەرمیـان و گشـت یەکە کارگێڕییەکانیـان لە کـاتژمێر (١٢:٠٠)ی شـەوی ١٨-٢٠٢٠/٣/١٩ تا کاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەوی ٢٣-٢٠٢٠/٣/٢٤.

**دووەم**:- پێدانی دەسەڵات بە پارێزگارەکانی هەولێـر و سـلێمانی و دهـوك و هەڵەبـجە و سەپەرشـتیاری ئیدارە سەربەخۆکانی ڕاپەڕین و گەرمیان بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی چوونێتی دابـین کردنـی پێداویستیەکانی هاوڵاتیان لەو ماوەیەدا بە مەرجێك کار نەکاتە سـەر جێبەجـێ کردنـی بـڕگەی (یەکەمی) سەرەوە.

**سێیەم**:- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیـری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٥٨٣٠ لە ٢٠٢٠/٣/٢٢**

**بەیانی ژمارە (٢١) ساڵی ٢٠٢٠**

دوابەدوای بەیـانی ژمـارە (١٥،١٦،١٧،٢٠،١٩،١٨،١٤،١٣،١٢،١١،١٠،٨،٦،٥،٣)ی تـایبەت بە ڕێگـری کـردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :

**یەکەم**:- درێژکـردنەوەی ڕاگرتنـی هـاتووچۆ لە تەواوی پارێزگاکـانی هەولێـر و سـلێمانی و دهـوك و هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆکانی ڕاپەرین و گەرمیان و گشت یەکە کارگێرییەکانیان تـا ٢٠٢٠/٤/١ ، و هەر شوفێرێك سەرپێچی بکات بە پێی بەیانی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢٠ سزا دەدرێت.

**دووەم**:- هـیچ هـاتووچۆیەك ڕێگە پێـدراو نیـە لـە نیـوان (١٢:٠٠)ی شـەو تـا (٦:٠٠)ی بـە یـانی جگـە لـە ئوتومبێلەکـانی هێـزە ئەمنییەکـان ئەوانەی لـە ئەرکـدان و ئوتـومبێلی ئەمبـولانس و ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە ڕێگەپێدراون.

**سێیەم**:- هـاتووچۆی پیـادە قەدەغەیە جـگە لە حـاڵەتی دابـین کردنـی پێداویسـتی ڕۆژانە و حـاڵەتی نەخۆشی ، و ئەوانەی سەرپێچی دەکەن ڕێکاری یاساییان بەرامبەر دەگیرێتە بەر.

**چوارەم**:- لێژنەیەك بە سەرۆکایەتی قائیمقامی قەزاکان و ئەندامێتی نوێنەرانی پۆلیس و ئاسایش پێك دێت بۆ پێدانی ڕێگەپێدان لە حاڵەتی زۆر پێویست بە پێی فورمی هاوپێچی ئەم بەیانە.

**پێنجەم**:- ڕێگەپێـدانی کۆمپانیـا نەوتییەکـان بە هەمـاهەنگی لەگەل وەزارەتـی سـامانە سرۆشـتیەکان دەبێـت، و کۆمپانیـای پەیوەنـدییەکان و ڕێگەپێـدانە تایبەتەکـان بە هەمـاهەنگی لەگەل لایەنە پەیوەندیدارەکان دەبێت، و ئەو ڕێگەپێدانانە تەنها لە لایەن (وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان) دەدرێت.

**شەشەم**:- هاتووچۆ لە نیوان پارێزگاکان و ئیدارە سـەربەخۆکان بە هەمـوو شـێوەیەك ڕادەگیرێـت، و لە حـــاڵەتی زۆر پێویســـت تەنهـــا بە ڕەزامەنـــدی ژووری ئۆپەراســـیونەکانی پارێزگـــا و ئیـــدارە سەربەخۆکان دەبێت.

**حەفتەم**:- هەر کەسێك سەر بە هێزە ئەمنییەکانی ڕاسپێردراو بە جێبەجێ کردنی ڕێکارەکانی سـەرەوە کەمتەرخەمی بنوێنێت لە جێبەجێ کردنی ئەم بەیانە لە کاتی ئەرکدا ، یان پێشێلی بکات ئەگەر لە ئەرکدا نەبێت بە (١٠) ڕۆژ زیندانی سزا دەدرێت بە پێی ماددەی (٤٧ و ٤٨) لە یاسای سـزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٤) ساڵی ٢٠٠٨.

**هەشتەم**:- هەر لیژنەیەك ڕێگەپێدانێك بدات بەبێ ئەوەی پێویست بێت ئەگەر ئەندامەکەی لەسەر ڕاژەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بێت بە هەمان بڕگەی سەرەوە سزا دەدرێت، و ئەگەر لەسەر ڕاژەی شارستانی بێت بە سزای سەرنج ڕاکێشان و دوور خستنەوە لە پۆستەکەی سزا دەدرێت.

**نۆیەم**:- هیچ فەرمانبەر یان ئەفسەر یان کارمەندێك کە لە پارێزگاکانی تری عێراق خزمەت دەکەن ڕێگایان پێ نادرێت بگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان تا ٢٠٢٠/٤/١ ، ئەگەر دانیشتووی هەرێمی کوردستانیش بن.

**دەیەم**:- هەر کەسێك بەرکەوتەی کەسێکی تووشبوی ڤایرۆسی کۆرۆنا بێت، دەبێت کەرەنتین بکرێت بۆ ئەو ماوەیەی کە وەزارەتی تەندروستی دەست نیشانی کردووە.

**یانزدەیەم**:- هیچ کەسێك بە بێ ڕەزامەندی وەزیری ناوخۆ ڕێگەی پێ نادرێت بگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان ئەگەر لە دەرەوەی وەڵات بێت و لە کاتی گەرانەوەیان لە سنوری ئیداری ئەو دەروازە سنورییەی کە لێی دەگەڕێنەوە کەرەنتین دەکرێن پاڵپشت بە ڕێنمایی وەزارەتی تەندروستی کە پێویستە گەراوەکان لەو شوێنە کەرەنتین بکرێن.

**دوانزدەیەم**:- بەڕێوەبەرانی گشتی کشتوکاڵ لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان دەبنە ئەندام لە ژووری ئۆپەراسیونەکان بە مەبەستی هەماهەنگی و ڕێکخستنی کاروباری وەرزی کشتوکاڵ لە هەرێم.

**سیانزدەیەم**:- بەڕێوەبەرانی گشتی کارەبا لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان دەبنە ئەندام لە ژووری ئۆپەراسیونەکان بە مەبەستی هەماهەنگی و ڕێکخستنی بابەتی هاتووچۆی تیمەکانی کارەبا و گەیاندنی سووتەمەنی بە وێستگەکانی بەرهەم هێنانی کارەبا لە هەرێم.

**چواردەیەم**:- گشت مارکێتەکان و نانەواخانەکان و ئەو شوێنانەی بۆ خزمەتی هاوڵاتیان ڕێگەپێدراون لە نێوان (١١:٠٠)ی شەو تا (٦:٠٠)ی بەیانی دادەخرێن ، جگە لە دەرمانخانەی ئیشکگر کراوە دەبێت، و پێویستە پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان بابەتی ڕێگەپێدان بە کردنەوەی مارکێتەکان و نانەواخانەکان و ئەو شوێنانەی بۆ خزمەتی هاوڵاتیان پێویستن ڕێکبخەنەوە بە شێوەیەك کاریگەری نەبێت لەسەر بریاری ڕاگرتنی هاتووچۆ.

**پانزدەیەم**:- ئەم بەیانە لە کاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەوی ٢٣-٢٠٢٠/٣/٢٤ جێبەجێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٥٨٤٥ لە ٢٠٢٠/٣/٢٥**

## بەیانی ژمارە (٢٢) ساڵی ٢٠٢٠

دوابەدوای بەیـانی ژمـارە (٣،٥،٦،٨،١٠،١١،١٢،١٣،١٤،٢١،١٨،١٩،٢٠،١٧،١٦،١٥)ی تـایبەت بە ڕێگـری کـردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) و لە پێناو پاراستنی ئاسایشـی تەندروسـتی هەرێمـی کوردسـتان و لەسەر فەرمانی بەرێز سـەرۆکی حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان و دوای ڕاوێژکـردن لەگەڵ بەرێـزان وەزیـری پێشـمەرگە و بەرپرسـانی دەزگـای ئاسـایش و یەکەکـانی (٧٠ و ٨٠) و هێزەکـانی زێرەڤـانی و بەرگری و فریاکەوتن بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :

**یەکەم**:- ئەو هێزانەی ئێستا لە ئەرکدان لەگەڵ ئەو هێزانەی لە پشوودان هیچ ئاڵوگوری بە هێزەکانیـان ناکرێت کە پێکهاتوون لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، بەرگری و فریاکەوتن، هێزەکانی زێرەڤانی، ئاسـایش ، پێشـمەرگە و یەکەکـانی (٧٠ و ٨٠) ، و لە ئەرکـدا دەمێنـنەوە تـا بە فەرمـی لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ ئاگادار دەکرێنەوە.

**دووەم**:- دوای تێپەڕبوونی ئەم بارودۆخە ئەو ماوەیەی کە هێزەکانی ئامادەپێکراوی سەرەوە لە ئەرکـدا بوون بە موڵەت بوویان قەرەبوو دەکرێتەوە.

**سێیەم**:- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیـری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٥٨٧١ لە ٢٠٢٠/٣/٣١**

## بەیانی ژمارە (٢٣) ساڵی ٢٠٢٠

دوابەدوای بەیانی ژمارە (١٥،١٦،١٧،٢٠،١٩،١٨،٢٢،٢١،١٤،١٣،١٢،١١،١٠،٨،٦،٥،٣)ی تایبەت بە ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) وئاماژە بەنوسراوی وەزارەتی تەندروستی ژمارە (٤٥٠١) لە ٢٠٢٠/٣/٢٩ و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :

**یەکەم**:- درێژکردنەوەی ڕاگرتنی هاتووچۆ لە تەواوی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهوك و هەڵبجە و ئیدارە سەربەخۆکانی ڕاپەرین و گەرمیان و گشت یەکە کارگێرییەکانیان تا ٢٠٢٠/٤/١٠ کاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەو ، و هەر شوفێرێك سەرپێچی بکات بە پێی بەیانی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢٠ سزا دەدرێت.

**دووەم**:- هیچ هاتووچۆیەك ڕێگە پێدراو نیە لە نیوان (١:٠٠)ی شەو تا (٦:٠٠)ی بەیانی جگە لە ئوتومبێلەکانی هێزە ئەمنییەکان ئەوانەی لە ئەرکدان و ئوتومبێلی ئەمبوڵانس و ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە ڕێگەپێدراون و ئۆتۆمبێلەکانی گواستنەوەی خواردەمەنی و کەل و پەلەکان بۆ مارکێتەکان و شوێنە خزمەت گوزارییەکان ، بە مەرجێك ئەو شوێنانەی کە کراوە دەبن بۆ وەرگرتنی ئەو کەل و پەڵانە نابێت کەل و پەل و کالا بفروشرێن لەو ماوەیەدا.

**سێیەم**:- دەسەڵات دەدرێت بە پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان ڕێگەپێدان بە کردنەوەی مارکێتەکان و نانەواخانەکان و ئەو شوێنانەی بۆ خزمەتی هاوڵاتیان پێویستن و هاتووچۆی جوتیار و خاوەن کێلگە پەڵەوەرییەکان و خاوەن کارگەی دروست کردنی ئالیك و هەر سەکتەرێك کە پێویست بێت ڕێك بخەن بە شێوازێك کاریگەری نەبێت لەسەر بریاری ڕاگرتنی هاتووچۆ.

**چوارەم**:- هاتووچۆی پیادە قەدەغەیە جگە لە حاڵەتی دابین کردنی پێداویستی ڕۆژانە و حاڵەتی نەخۆشی، و ئەوانەی سەرپێچی دەکەن ڕێکاری یاساییان بەرامبەر دەگیرێتە بەر.

**پێنجەم**:- لێژنەکانی پێکهێنراو بە پێی بەیانی ژمارە (٢١) بەردەوام دەبێت بە سەرۆکایەتی قائیمقامی قەزاکان و ئەندامێتی نوێنەرانی پۆلیس و ئاسایش پێك دێت بۆ پێدانی ڕێگەپێدان لە حاڵەتی زۆر پێویست لە سنووری هەر پارێزگا و ئیدارەی سەربەخۆ بە پێی ئەو فورمەی پێشتر بە بەیانی سەرەوە کاری پێکراوە .

**شەشەم**:- ئەم ڕێگە پێدانانەی خوارەوە لە لایەن وەزارەتی ناوخو / بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان دەدرێت :

١- ڕێگەپێدانی کۆمپانیا نەوتییەکان بە هەماهەنگی لەگەل وەزارەتی سامانە سرۆشتیەکان دەبێت

٢- ڕێگەپێدانی کۆمپانیای پەیوەندییەکان بە هەماهەنگی لەگەل وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندن و پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان دەبێت.

٣- ڕێگەپێدانی نێوان پارێزگا وئیدارە سەربەخۆکان بە ڕەزامەندی و هەماهەنگی لەگەل پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان دەبێت بە پێی ئەو سیستەمە ئەلکترونیەی کە پێش دەرچوونی ئەم بەیانە کاری پێ کراوە.

**حەفتەم**:- هاتووچۆ لە نیوان پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان بە هەموو شێوەیەك ڕادەگیرێت، و لە حاڵەتی زۆر پێویست بەپێی ئەو میکانیزمەی لە بڕگەی شەشەم/ ٣ دیاری کراوە دەبێت.

**هەشتەم**:- هەر کەسێك سەر بە هێزە ئەمنییەکانی ڕاسپێردراو بە جێبەجێ کردنی ڕێکارەکانی سەرەوە کەمتەرخەمی بنوێنێت لە جێبەجێ کردنی ئەم بەیانە لە کاتی ئەرکدا ، یان پێشێلی بکات ئەگەر لە ئەرکدا نەبێت بە (٥) ڕۆژ زیندانی سزا دەدرێت بە پێی ماددەی (٤٧ و ٤٨) لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٤) ساڵی ٢٠٠٨.

**نۆیەم**:- هەر لێژنەیەك ڕێگەپێدانێك بدات بەبێ ئەوەی پێویست بێت ئەگەر ئەندامەکەی لەسەر ڕاژەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بێت بە هەمان بڕگەی سەرەوە سزا دەدرێت، و ئەگەر لەسەر ڕاژەی شارستانی بێت بە سزای سەرنج ڕاکێشان و دوور خستنەوە لە پۆستەکەی سزا دەدرێت.

**دەیەم**:- هیچ فەرمانبەر یان ئەفسەر یان کارمەندێك کە لە پارێزگاکانی تری عێراق خزمەت دەکەن ڕێگایان پێ نادرێت بگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان تا ٢٠٢٠/٤/١٠ ، ئەگەر دانیشتووی هەرێمی کوردستانیش بن.

**یانزدەیەم**:- هەر کەسێك بەرکەوتەی کەسێکی تووشبوی ڤایرۆسی کۆرۆنا بێت، دەبێت کەرەنتین بکرێت بۆ ئەو ماوەیەی کە وەزارەتی تەندروستی دەست نیشانی کردووە.

**دوانزەیەم**:- دەروازە سنورییەکانی (پەروێزخان ، باشماخ، حاجی عومەران، ابراهیم خلیل، سەرزێری) و هەر دوو فرۆکەخانەی نیودەولەتی (هەولێر و سلێمانی) بە ڕووی گەشتیاران بە داخراوی دەمێننەوە و هیچ کەسێك بە بێ ڕەزامەندی وەزیری ناوخۆ ڕێگەی پێ نادرێت بگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان ئەگەر لە دەرەوەی وەڵات بێت و لە کاتی گەرانەوەیان لە سنوری ئیداری ئەو دەروازە سنورییەی کە لێی دەگەڕێنەوە کەرەنتین دەکرێن پاڵپشت بە ڕێنمایی وەزارەتی تەندروستی کە پێویستە گەراوەکان لەو شوێنە کەرەنتین بکرێن ، و جموجۆڵی بازرگانی لەو دەروازە سنورییانە بەردەوام دەبێت بە پێی ئەو میکانیزمەی کە پێشتر بڕیاری لەسەر دراوە .

**سیانزدەیەم:**- ئەو خێزانەنەی کە لە ناو هەرێمی کوردستان بەهۆی قەدەغەی هاتووچۆ لەیەك دابڕاون لەکاتژمێر (١:٠٠)ی شەوی ڕۆژی ٢٠٢٠/٤/١ بۆ ماوەی (٧٢) کاتژمێر ڕێگایان پێ دەدرێت بگەرێنەوە ماڵەکانی خویان لە نێوان پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان ، بەمەرجێك ڕێگە پێدانیان پێ بدرێت بە پێی ئەو میکانیزمەی لەم بەیانە دیاری کراوە.

**چواردەیەم:**- گشت مارکێتەکان و نانەواخانەکان و ئەو شوێنانەی بۆ خزمەتی هاوڵاتیان ڕێگەپێدراون لە نێوان (١١:٠٠)ی شەو تا (٦:٠٠)ی بەیانی دادەخرێن ، جگە لە دەرمانخانەی ئیشکگر و ئەوانەی بە مەبەستی بڕگەی دووەم ڕێگەپێدراوە کراوە دەبن.

**پانزەیەم** :- هاتووچۆکردنی ئاژانس و ڕێکخراوەکانی (UN) و هاوپەیمانان و هاتووچۆی بازرگانی لەنێوان پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان ریگە پێدراوە .

**شانزەیەم** :- لە کاتی وەرگرتنی مووچە یان سرەبەندی وەرگرتنی نان پێویستە مەودای نیوان دوو کەس لە مەتر و نیوێك کەمتر نەبێت بە مەبەستی بەریەك نەکەوتن.

**حەڤدەیەم** :- ئالۆگوری گشت هێزە ئەمنییەکان ئەوانەی لە ئەرکدان لە ناو سنوری هەر پارێزگا و ئیدارەیەکی سەربەخۆ بە هەماهەنگی لەگەل ژووری ئۆپەراسیونەکان دەکرێت، بەڵام لە نێوان پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان هیچ ئالۆگورێك ناکرێت بە پێی بەیانی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٢٠.

**هەژدەیەم:**- ئەم بەیانە لە کاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەوی ٢٠٢٠/٣/٣١ جێبەجێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٥٨٧٦ لە ٢٠٢٠/٤/٣**

**بەیانی ژمارە (٢٤) ساڵی ٢٠٢٠**

دوابەدوای بەیانی ژمارە (٣،٥،٦،٨،١٠،١١،١٢،١٣،١٤،٢٣،٢١،٢٢،١٨،١٩،٢٠،١٧،١٦،١٥)ی تایبەت بە ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان و لەبەر ئەوەی دوو ڕۆژی ڕابردوو قەدەغەی هاتووچۆ وەك پێویست جێبەجێ نەکراوە، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :

**یەکەم:**- ڕاگرتنی هاتووچۆی ئۆتۆمبێل و پیادە به شێوەیەکی تەواو لە گشت پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهوك و هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆکانی ڕاپەڕین و گەرمیان و گشت یەکە کارگێرییەکانیان بۆ ماوەی (٤٨) کاتژمێر ، و هەر کەسێك سەرپێچی بکات پێویستە لە لایەن ئەو هێزە ئەمنییانەی ڕاسپێردراو بە جێبەجێ کردنی بڕیاری ڕاگرتنی هاتووچۆ دەستگیر بکرێن و ئۆتۆمبێلەکانیان دەستی بەسەردا بگیرێت و بە پێی یاسا ڕێکاریان بەرامبەر دەگیرێتەبەر.

**دووەم:**- هەر ئەفسەر و کارمەندێکی سەر بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و ئاسایش و وەزارەتی پێشمەرگە و ئەو هێزانەی سەر بە هێزەکانی ئیتحادی عێراقن و لە ناو هەرێم خزمەت دەکەن ئەگەر لە ئەرکی فەرمیدا نەبن و ئۆتۆمبێلی سەربازی یان ناسنامەی سەربازی بەکار بێنن بۆ شکاندنی قەدەغەی هاتووچۆ پێویستە لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیر بکرێن و ئۆتۆمبێلەکانیان دەستی بەسەردا بگیرێت و بە پێی یاسا ڕێکاریان بەرامبەر دەگیرێتەبەر لە هەر پوست و پایەکدا بن و پێویستە بیسەلمێنن کە لە ئەرکی فەرمیدان.

**سێیەم:**- پزیشك و کارمەندان و ستافی کارگێری وەزارەتی تەندروستی ئەگەر لە ئەرکی فەرمیدا نەبن و ئۆتۆمبێل یان ناسنامەی وەزارەتی تەندروستی بەکار بێنن بۆ شکاندنی قەدەغەی هاتووچۆ پێویستە لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیر بکرێن و ئۆتۆمبێلەکانیان دەستی بەسەردا بگیرێت و بە پێی یاسا ڕێکاریان بەرامبەر دەگیرێتەبەر و پێویستە بیسەلمێنن کە لە ئەرکی فەرمیدان.

**چوارەم:**- پرۆسەی دابەشکردنی مووچە لەو ماوەی سەرەوەدا بەردەوام دەبێت بە مەرجێك وەزارەت و فەرمانگە پەیوەندیدارەکان پێویستە پێشوەخت هەماهەنگی تەواو لەگەڵ ژووری ئۆپەراسیونەکانی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان بکەن بۆ ڕێکخستنی شێوازی دابەشکردنی مووچە و پێویستە لە بانکەکان مەودای نیوان دوو کەس لە (٢) دوو مەتر کەمتر نەبێت و گشت ڕێکارەکانی خۆپاراستن بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی بگیرێنەبەر.

**پێنجەم**:- هەڵوەشاندنەوەی گشت ئەو رێگەپێدانانەی کە پێش ئێستا دراون لە لایەن پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و یەکە کارگێرییەکانیان و گشت دام و دەزگاکانی حکومەت بۆ هاتووچۆکردن بەو رێگەپێدانانەشەوە کە لە (١:٠٠)ی شەو تا (٦:٠٠)ی بەیانی دەدران بە هاوڵاتیان .

**شەشەم**:- گشت مارکێتەکان و نانەواخانەکان و ئەو شوێنانەی بۆ خزمەتی هاوڵاتیان رێگەپێدراون دادەخرێن ، جگە لە دەرمانخانەی ئیشکگر کراوە دەبێت.

**حەفتەم**:- پێویستە لەسەر پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان لە ماوەی ئەو (٤٨) کاتژمێرەی کە لە سەرەوە دیاری کراوە دیراسەتی بابەتی چۆنیەتی پێشکەش کردنی هەندێك ئاسانکاری سنوردار بۆ بەردەوام بوونی پێشکەش کردنی خزمەت گوزارییەکان بە هاوڵاتیان بکەن و ئەو پێشنیارانە بەرز بکەنەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بە مەبەستی بریاردان.

**هەشتەم**:- ئالۆگورکردنی بازرگانی لە دەروازە سنورییەکان و نیوان پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بەردەوام دەبێت بە پێی ئەو رێنماییانانەی کە پێشتر بریاری لەسەر دراوە.

**نۆیەم**:- ئەم بەیانە لە کاتژمێر (١٢:٠٠)ی نیوەڕوی ٢٠٢٠/٤/٤ جێبەجێ دەکرێت.

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٥٨٨١ لە ٢٠٢٠/٤/٦**

**بەیانی ژمارە (٢٥) ساڵی ٢٠٢٠**

دوابەدوای بەیـانی ژمـارە (٣،٥،٦،٨،١٠،١١،١٢،١٣،١٤،٢٤،٢٣،٢١،٢٢،١٨،١٩،٢٠،١٧،١٦،١٥)ی تـایبەت بە ڕێگـری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) و پاڵپشت بە نوسراوی وەزارەتی تەندروستی ژمارە (٤٥٠١) لە ٢٠٢٠/٣/٢٩و دوای وەرگرتنی پێشنیار و تێبینیەکانی پارێزگار و سەپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان و کۆبـوونەوەی لیـژنەی بـاڵای وەزاری بەرەنگـاربوونەوەی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا و لە پێنـاو پاراسـتنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :

**یەکەم**:- سوپاسـی هاوڵاتیـانی هەرێمـی کوردسـتان دەکەیـن بـۆ پابەنـدبوونی تەواویـان بە قەدەغەی هاتووچۆ لە (٤٨) کاتژمێری رابردوو ، هەر وەها پزیشك و کارمەندانی تەندروستی و گشت هێزە ئەمنییەکـان و پارێزگـار و سەرپەرشـتیاری ئیـدارە سـەربەخۆکان بـۆ ئەرك و مانـدووبونیان لە ماوەی ڕابردوو.

**دووەم**:- قەدەغەی تەواوی هاتووچۆ تـا (١٢)ی شـەوی ٢٠٢٠/٤/٦ بەردەوام دەبێـت و لە ٢٠٢٠/٤/٧ بەیـانی ژمارە (٢٣) وەك خۆی جێبەجێ دەکرێت جگە لە برگەی چواردەیەم کە هەڵدەبەسێردرێت.

**سێیەم**:- دەسەڵات دەدرێت بە پارێزگا و سەپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان بە پێـی ئەو خشـتانەی کە پێشـنیاریان کـردووە لە کـاتژمێر (١٢:٠٠)ی شـەو تـا (٦:٠٠)ی ئێـوارە بە مەبەسـتی ڕێگەپێـدان بە کـردنەوەی ئەو شـوێنە خـزمەت گوزارییـانەی کە پێویسـتن بـۆ هاوڵاتیـان و هـاتووچۆکردنی ئۆتۆمبێلە خزمەت گوزارییەکان بە پێی پێویست.

**چوارەم**:- لە کـاتژمێر (٦:٠٠)ی ئێـوارە تـا (١٢:٠٠)ی شـەو قەدەغەی هـاتووچۆ لە سەرتاسـەری هەرێمـی کوردستان بە تەواوی جێبەجێ دەکرێت و تەنهـا ڕێـگە دەدرێـت بە هـاتووچۆکردنی ئۆتـۆمبێلی هێزە ئەمنییەکان و تیمە تەندروستیەکان و ئۆتۆمبێلی ئەمبولانس ئەوانەی لە ئەرکی فەرمیدان و ئـالۆگوری بازرگـانی بە پێـی ئەو ڕێنماییـانەی کە پێشـووتر بڕیاریـان لەسـەر دراوە بەردەوام دەبێت.

**پێـنجەم** بەرێـوەبەری ڤیتێـرنەری لە پارێزگـا و ئیـدارە سـەربەخۆکان دەبـنە ئەنـدام لە ژووری ئۆپەراسیونەکان.

**شەشەم**:- ئەم بەیانە لە ٢٠٢٠/٤/٧ جێبەجێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیـری نـاوخۆ**